# زانیاری دزەپێکراو: مێسی باڵۆن دۆری 2017 دەباتەوە

رووداوی وەرزشی ـ CNBC

بەپێی چەند زانیارییەکی دزەپێکراو، بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو لیۆنێل مێسی ئەستێرەی ئەرجەنتینی براوەی باڵۆن دۆری 2017 دەبێت. رۆژنامەیەکی بەریتانیش دەڵێت "مێسی پەیوەندی بە نەیمار دا سیلڤای ئەستێرەی بەرازیلییەوە کردووەو پێیگوتووە ناوی خۆت مەخەرە نێو لیستی خیانەتکارانەوە".

لەم دوو رۆژەی دواییدا بەشێوەیەکی زۆر بەربڵاو وێنەیەک بڵاوبووەتەوە، کە دەگوترێت دزەپێکراوەو بەرگی گۆڤاری فرانس فوتبۆلی فەرەنسی، ژمارەی تایبەت بە رۆژی بەخشینی خەڵاتی باڵۆن دۆرەو تێیدا دەردەکەوێت کە مێسی براوەی خەڵاتەکەیە، لە کاتێکدا کریستیانۆ رۆناڵدۆ بەهێزترین پاڵێوراوەو بەر لە ماوەیەک خەڵاتی زە بێستی تایبەت بە فیفاشی بردووەتەوە. بەپێی ئەو زانیاریانە کە بە دزەپێکراو ناوبراون، فرانس فوتبۆل دەیەوێ پێوەرەکانی خەڵاتەکەی جیاوازبن لە پێوەرەکانی فیفاو دەشڵێن "رۆناڵدۆ لەم وەرزەدا ئاستێکی خراپی پێشکەشکردووە".

رۆژنامەی دەیلی ستاری بەریتانیش، ئاشکرایکرد دوای ئەوەی دەنگۆی رۆیشتنی نەیمار بۆ ریال مەدرید هاتە ئاراوە، مێسی بە تەلەفۆن داوای لە نەیمار کردووە نەچێتە ریال مەدرید و پێیگوتووە "تکایە ناوی خۆت مەخەرە نێو لیستی یاریزانە خیانەتکارەکان، چونکە ئەوانەی لە بارسێلۆنا دەچنە ریال مەدرید یان بەپێچەوانەوە، لە ئیسپانیا بە خائین و خۆفرۆش لە قەڵەم دەدرێن".



WWW.RUDAW.NET

رووداو وەرزشی

ژمارە (473) سێشەممە 2017/11/14 23ی گەلاڕێزان - 2717 (500) دینار

رۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو دەریدەکات

## مێندێز دەیەوێ خامیس بە هەرزانی بۆ بایرن بکڕێت و بە گرانی بداتە بارسا..



"رۆدریگز دەیەوێ تۆڵە لە ریال مەدرید و هاوڕێکانی بکاتەوە"

# پلانی جەهەننەمی

« 3



لویس سوارێز:

## نازانم چی بەسەر من و رۆناڵدۆ و گریزماندا هاتووە؟!

« 6

2

ڤیدالەکەی هەڵەبجە:

کە ڤیدال هاتە لام لە خۆشییان هیچم لەبیر نەما



3

(رووداو) دەچێتە ماڵی ئەو لایمەنەی گۆڵە مشتومڕهێنەرەکەی یاری کۆتایی مۆندیالی 1966ی بۆ ئینگلتەرا ئەژمارکرد



6

لە رووی کارایی هێرشبردنەوە رۆناڵدۆ (710)مینی ئەوروپایە





**ناتوانێت**

ڕێوان ئەمینی یاریزانی کوردی یانەی دالکوردی سویدی، ناتوانێت بەدەنگ بانگەوازی عەبدولغەنی شەهدی ڕاهێنەری هەڵبژاردەی ئۆڵیمپی عێراقەوە بچێت، کە داوای لێکردووە بچێتە ریزەکانی هەڵبژاردەی ئۆڵیمپی عێراق. ڕێوان کە بڕیاربوو لە دەوحەی پایتەختی قەتەرەوە پەیوەندی بە هەڵبژاردەی عێراقەوە بکات، بەڵام نەیتوانی ئەو کارە بکات، بەهۆی ئەوەی کە پێشتر بۆ هەڵبژاردەی تازەپێگەیشتووانی هۆڵەندا یاریکردووە و یاساکانی فیفا ڕێگەی پێنادەن یاری بۆ هەڵبژاردەی وڵاتێکی دیکە بکات.



## ڤیداله کوردەکەی ئەڵمانیا، بۆ (ڕووداوی وەرزشی):

# کە ڤیدال هاتە لام لە خۆشییان هیچم لەبیر نەما

> «حەزم لە ئەڵمانیا نییە، بەڵام لەبەر خۆشەویستی ڤیدال چوومەتە ئەو وڵاتە»

**کارزان کانەبی**
**تایبەت بە ڕووداوی وەرزشی**

سەڵاح عەلی، ئەو کوڕە کوردەی هاوشێوەی ئارتۆرۆ ڤیدالی یاریزانی چیلیی یانەی بایرین میونشنی ئەڵمانییە، لەم ڕۆژانەدا پانتاییەکی زۆری لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان داگیرکردووە، بەتایبەتیش دوای ئەوەی لە یەکەیەکی مەشقی یانەی باڤاریدا ڤیدال چووە لای سەڵاح و سێلفییەکی لەگەڵ گرت و چەند ساتێک قسەی لەگەڵ کرد.

سەڵاح عەلی، لەو بارەوە بە (ڕووداوی وەرزشی) ڕاگەیاند هەموو هیواو ئاواتێکم ئەوە بوو ڕۆژێک لە ڕۆژان بگەمە ڤیدال، سوپاس بۆ خوا دوای چەندین ساڵ خەونەکەم بەدیهات و گوتی «لە جاری داهاتووشدا باسی کوردستانیشی لەگەڵ دەکەم». ڤیداله کوردەکە، گەنجێکی شارۆچکەی هەڵەبجەی تازەیە، کە شێوەو ڕووخساری زۆر بە ڤیدال دەچێت، ماوەیەکی زۆر لە چاوەڕوانی ڤیدال بوو، تا دواجار خەونەکەی هاتەدی و بووە بابەتێکی گەرمی میدیاکانی ئەڵمانیا، کە بە چەندین ڕاپۆرت و هەواڵ باسیان کرد.

سەڵاح عەلی، تەمەن 24 ساڵان، کە ئێستا بۆ تیپی شمولن لە ئەڵمانیا یاری دەکات، بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «خۆشەویستی ڤیدال وای لێکردم هیچ ڕێگەیەکم لەبەردەمدا دوور نەبێت بۆ گەیشتن بەو ئەستێرە چیلییە».

ئەو سەبارەت بە خولیا و چیرۆکی گەیشتن بە ڤیدال و لێکچوونەکەشی بۆ (ڕووداوی وەرزشی) دەگێڕێتەوەو دەڵێت «من لە هەڵەبجەی تازە لە تیپێکی میللی یاریم دەکرد، هاوڕێکانم زۆر پێیان دەگوتم شێوەت لە ڤیدال دەچێ، ئەوکات یاریزانی یانەی یوڤێنتوسی ئیتالی بوو، بەردەوام وێنەیان لەگەڵ دەگرتم بۆ ماوەی زیاتر لە 6 ساڵ، بۆیە خۆشەویستی ئەو یاریزانەم هەر لە هزربوو، بەردەوام بیرم لێدەکردەوە، بەردەوامیش لە هەموو ڕوویەکەوە ستایلی ئەوم بەکاردەهێنا».

سەڵاح عەلی لە درێژەی گێڕانەوەکەیدا دەڵێت «دواتر هەڵەبجەم جێهێشت و رووم لە وڵاتی ئەڵمانیا کرد، هەرچەندە حەزم لە ئەڵمانیا نەبوو، بەڵام خۆشەویستی ئەو یاریزانە وایلێکردم بچمە ئەڵمانیا».

لەبارەی پەیوەندیکردنیشی بە ڤیدالەوە، گوتی «لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و لە ئینستاگرام و بە زۆر ڕێگەی دیکەش زۆر هەوڵمدا پەیوەندی پێوە بکەم، بەڵام گشت هەوڵەکانم بێسوود بوون لە گەیشتن بەم یاریزانە، بۆیە کە گەیشتمە ئەڵمانیا بڕیارمدا پەیوەندی بە ڤیدالەوە بکەم، دوای 3 ڕۆژ گەڕان بەدوای ئەو یاریزانە، دواجار خەونەکەم هاتەدی و لە یەکەیەکی مەشقی یانەی بایرن میونشن ئەو یاریزانە چیلییەم بینی، ئەو کە بۆ یەکەمجار منی بینی، ڕایکرد بۆ لام و گوتی ڤیدال، وێنەمان گرت و منی لە باوەشی خۆی کرد، دواتریش هەموو یاریزانەکانی دیکە هاتنە لای من».

ڤیدالەکەی هەڵەبجە هەروەها دەشڵێت «کە منی بینی زۆر دڵی خۆش بوو، زۆر پێکەنی، ئەوکات بۆ من خۆشترین ساتەکانی ژیانم بوون، لە خۆشییان هیچم لەبیر نەمابوو، نەمدەزانی باسی چی لەگەڵ بکەم، دواتریش لە ڕۆژنامەکان و میدیاکانی ئەڵمانیا هەڤپەیڤینم لەگەڵ کرا و خەڵک وێنەی یادگاری لەگەڵ دەگرتم».

سەڵاح عەلی، کە بە قسەی خۆی بەردەوام بەدوای ئەو یاریزانەوەیەو هەر کاتێک لە یاریگە ببینێت چی دەکات ئەویش هەمان کار دووبارە دەکاتەوە، ئەوەی ڕەتکردەوە نەشتەرگەری جوانکاری کردبێت بۆ ئەوەی شێوەی بە ڤیدال بچێت و گوتی «تاوەکو ئێستا هیچ نەشتەرگەرییەکی جوانکاریم نەکردووە». ڤیداله کوردەکە هەروەها گوتیشی «زۆر کەس ڕەخنەیان لێگرتوومەو بە نامە جنێویان پێداوم، بەڵام کاتێک قسەم لەگەڵیان کردووە بۆچوونیان گۆڕاوە، تەنانەت هەندێکیان پێیان گوتوومە تەنیا بۆ ئەوە ئەم کارەمان کردووە بۆ ئەوەی ببین بە هاوڕێت». سەڵاح عەلی دواجار ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە بەوەندە ناوەستێت و بەردەوام دەبێت لە پەیوەندیکردن بە ڤیدالەوە، چونکە وەک خۆی دەڵێت زۆر شتی ماوە لەبارەیانەوە قسەی لەگەڵ بکات «هەوڵدەدەم پەیوەندی باش لەگەڵ ڤیدال ببەستم و لە داهاتووشدا ئەگەر دەرەفەتی ئەوەم بۆ ڕەخسا قسەی لەگەڵ بکەمەوە باسی زۆر شتی لەگەڵ دەکەم، باسی کوردیشی بۆ دەکەم».

> «هیچ نەشتەرگەرییەکی جوانکاریم نەکردووە»



## مەسروور فەخرەدین..

# یاریزانێکی گەورەتر لە تەمەنی خۆی



**ڕووداوی وەرزشی - هەولێر**

خەریکە یانەکان لە کوردستان لەوە تێدەگەن کە دامەزراندنی ئەکادیمیای تۆپی پێ بۆ داهاتووی خۆیان چەندە گرنگە، لەبەرئەوە ئێستا چەند یانەیەک پەنایان بردووەتە بەر دامەزراندنی ئەکادیمیا، کە هەندێک لەو ئەکادیمیانە بەهرەی زۆریان لەخۆگرتووەو بە ئاشکرا تێبینی ئەوەیان لێدەکرێت کە لە ئاییندەیەکی نزیکدا چەندین یاریزانی بەتوانا پێبگەینن.

یەکێک لەو بەهرانەی کە ئێستا ڕووخساری یاریزانی دوارۆژی پێوە دیارە، مەسروور فەخرەدینە، کە لە ئەکادیمیای دالکوردەو ڕۆژانە زۆر بە شەوق و حەماسەتەوە ڕوو لە مەشقەکانی دەکات.

ئەو کە زۆر حەزدەکات لە دوارۆژدا ببێتە یاریزانێکی بەتوانا و یاری بۆ وڵاتەکەی بکات، بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «هەستدەکەم خەونەکەم دەبێتە ڕاستی، من زۆر سوپاسی دالکورد دەکەم کە دەرفەتی بۆ ڕەخساندم خەون ببینم، دەمەوێ خۆم وەک یاریزانێکی بەتوانا پێبگەینم بۆ ئەوەی یاری بۆ هەڵبژاردەی کوردستان و یەکێک لە یانەکانی کوردستان بکەم».

مەسروور فەخرەدین، کە تەمەنی 14 ساڵە، هێندە بە دڵسۆزی و لەخۆبردنەوە مەشقەکانی دەکات، بووەتە جێی سەرسامبوونی ڕاهێنەرەکانی، کە ئەوپەڕی متمانەیان بە تواناکانی هەیە، هەر بۆیەش لە کاتی یارییەکاندا نیشانەی کاپتنی پێدەدەن، ئەویش سوپاسگوزاری ڕاهێنەرەکانی خۆیە.

مەسروور، وەک کورد گوتەنی «لە تەمەنەکەی گەورەترە»، چونکە تواناکانی وایانلێکردووە، ڕاهێنەرەکانی لە دوو تیپی ئاست جیاواز یاری پێبکەن. مەسروور لەو بارەوە گوتی «لەبەرئەوی باڵایەکی بەرزم هەیە، لە تەمەنی خۆم گەورەتر دیارم، ئەوەش یارمەتی داوم کە لە دوو تیپی ئاست جیاواز یاری بکەم».

سیفەتێکی دیکەی جیاکەرەوەی مەسرووری یاریزان ئەوەیە کە وەک یاریزانێکی جۆکەر پشتی پێدەبەسترێت، واتە ڕاهێنەر دەتوانێت لە چەندین شوێنی یاریگە یاری پێبکات، بە قسەی مەسروور، ئەو حەزدەکات لە هێڵی هێرشبردن یاری بکات، بەڵام ڕاهێنەر زۆرجار وەک یاریزانی دڵی بەرگری و هەندێجاریش لە ناوەڕاستی یاریگە وەک دروستکەری یاری سوودی لێوەردەگرێت.

مەسروور، کە زۆر سەرسامە بە لیۆنێل مێسی و هاندەرێکی سەرسەختی هەڵبژاردەی ئەرجەنتینە، دەڵێت «تاکە ئاواتی من ئەوەیە دەوڵەتی کوردستان ببینم و ڕۆژێک بۆ هەڵبژاردەی کوردستان یاری بکەم».

مەسروور، یاریزانێکی باڵابەرز و تیژڕەوە، خاوەن توانایەکی جەستەیی بەهێزە، ژیرانە یاری دەکات و خاوەن شووتی زۆر بەهێزە، هەموو ئەم سیفەتانە وایانکردووە، ڕاهێنەرەکانی هیوایەکی باشیان بە دوارۆژی ئەو هەبێت.

## بەهرەیەکی میللی..

# کارزان سدیق.. ئەو بەهرەمەندەی لە وەرزش تێر نابێت

**ئا: شێروان شێرزاد**

جیهانی تۆپی پێ پڕە لە چیرۆکی سەرسوڕهێنەری ئەستێرەکان، هەر ئەو ئەستێرانەشن، لە تەمەنێکی بچووک و لە سەرەتای یاریکردنیانەوە لە یاریگە بچووکەکان و لە تیپە میللییەکانەوە دەستیان پێکردووە، خەونیشیان بەوە بینیوە بۆ یانە گەورەکان و هەڵبژاردەی وڵاتەکانیان یاری بکەن، پاشانیش بوونەتە پاڵەوانی نەتەوەیی و ئەستێرەی درەوشاوە لەسەر یاریگەکانی جیهاندا.

کارزان سدیق ڕەمەزان، هەر لەمنداڵییەوە خولیای وەرزش بووەو یەکێک لەو وەرزشوانە دەگمەنانەیە، کە هەرگیز لە وەرزشکردن بەتایبەتی تۆپی پێ ماندوو نابێت، ئەو هەمیشەو بە چەندین شێوە هەوڵیداوە پەرە بە تواناکانی خۆی بدات. کارزان سەدیق، کە ساڵی 1994 لە شارۆچکەی بەحرکە لەدایکبووە، دەرچووی کۆلێژی یاسایە لە زانکۆی کۆیە، بە یاریزانێکی ڕەوشتبەرز و بەتوانا و ئاست نموونەیی ناسراوە، زۆربەی کاتەکانی بۆ بواری وەرزش بەتایبەتی تۆپی پێ تەرخان دەکات.

کارزان، وەک هەر وەرزشوانێکی دیکە سەرەتا وەک یاریزان لە تیپی میللی ڕۆژهەڵات لە بەحرکە دەستی بە یاریکردن کردووە، دواتر تیپی ئەستێرەیان دامەزراندووەو خۆشی یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی، تاوەکو ئێستاش لە خزمەتکردنی ئەم تیپە بەردەوامە وەک کاپتنی تیپ. ئەو لەگەڵ تیپەکەی، لە سەرجەم خولی تیپە میللییەکانی ناو شاری هەولێر و دەوروبەری کە بەشداریان تێدا کردووە، زۆرترین جار گەیشتوونەتە یاری کۆتایی و توانیویانە 7 نازناو بەدەستبێنن.

کارزان سدیق، کە بێجگە لە دڵی بەرگری لە هێڵی ناوەڕاستیش یاری دەکات، ماوەی 2 ساڵ بۆ بەچکەشێران و 3 ساڵیش بۆ ناوەندی وەرزش و لاوانی بەحرکە وەک کاپتن یاریکردووە، لەژێر سەرپەرشتی کاپتن یاسین، کە ناسراوە بە «یاسین چاوشین»، کە وەک خۆی دەڵێت «سوودێکی زۆری لە ئەزموون و ڕێنماییەکانی ئەم ڕاهێنەرە وەرگرتووە، هەر ئەوکاتیش لەلایەن لاوانی یانەکانی بروسک، کۆیە و هندرێنەوە داواکراوە بۆ یاریکردن لە ریزەکانیان، بەڵام بەهۆی درێژەدان و سەرقاڵ بوون بە خوێندن ئەو دەرفەتەی نەبووە یارییان بۆ بکات.

کارزان سدیق، ئێستا ئارەزوو دەکات بۆ یەکێک لە یانەکانی کوردستان یاری بکات و لەو ڕێگەیەوە پەرە بە بەهرەکانی بدات و ببێتە ئەستێرەیەکی درەوشاوەی کوردستان و خولی کوردستان. هیوادارە ڕۆژێک ببێتە یاریزانێکی پیشەگەر و وەک یاریزانێکی کورد لەگەڵ هەڵبژاردەی کوردستان بەشداری لە پاڵەوانییەتییە نێودەوڵەتییەکاندا بکات.





27 ملیۆن

ڕۆژنامەی سپۆرتی ئیسپانی، ئاشکرایکرد دانوستانەکانی نێوان بارسێلۆنای ئیسپانی و لیڤەرپوولی ئینگلیزی دەستیان پێکردووەتەوە، بۆ گواستنەوەی فیلیپی کۆتینیۆی ئەستێرەی بەرازیلی بۆ یاریگەی کامپ نو، بەڵام هێشتا لەسەر بڕە پارەی گرێبەستەکە نەگەیشتوونەتە ڕێککەوتن. سپۆرت لەو بارەوە نووسیویەتی «نێوانیان 27 ملیۆن پاوەندی ماوە، بارسا 105 ملیۆنی پاوەندی پێشکەش کردووە، بەڵام لیڤەرپوول داوای 132 ملیۆن پاوەند دەکات».

(ڕووداو) لە ماڵی ئەو لایمەنەی گۆڵە مشتومڕهێنەرەکەی یاری کۆتایی مۆندیالی 1966ی بۆ ئینگلتەرا ئەژمارکرد..

## کوڕی باهرامۆڤ:

# باوکم تاوەکو مرد دەیگوت بڕیارەکەم ڕاستبوو

**ڕێبوار محەممەد**
**ڕووداو - ئازەربایجان**

لە ئازەربایجان بە دوای چیرۆکێکی سەرنجڕاکێشدا وێڵ دەبم، چیرۆکی ئەو لایمەنەی تاکە نازناوی مۆندیالی لە مێژووی ئینگلتەرادا بە هەڵبژاردەی ئەو وڵاتە بەخشی، بێگومان ئەوەی باسی دەکەم، لە ساڵی 1966دا ڕوویدا.

بەم تەمەنەی ئێمەوە، کەمن ئەوانەی مۆندیالی 1966یان لەبیرە، مۆندیالێک کە بۆ یەکەمجار و کۆتاجار تا ئێستا، جامێکی جیهانی بەو هەڵبژاردەیە بەخشی کە زۆر کەس پێیانوایە یەکەم لانکەی سەرهەڵدان و دۆزینەوەی یارییەک بووە بە ناوی تۆپی پێوە.

ئەگەر لە مێژووی وەرزشی ئازەربایجاندا کەم بن ئەو وەرزشوان و یاریزانانەی لە دونیادا ناسراون و ناوی خۆیان وەک مەزنێک تۆمارکردووە، لەنێویاندا تۆفیق باهرامۆڤ ڕیزپەڕە. ئەو نەک هەموو جیهان وەک ناوبژیوانێکی ناسراو دەیناسێت، بەڵکو وەک کەسایەتییەک دەیناسن کە پێشانی جیهانیدا ناوبژیوان دەبێ ئەو بڕیارە بدات کە بەڕەوای دەبینێت.

باهرامۆڤ جیا لە ناوبژیکردن و دەرکەوتن لە یارییەکانی خولی ئازەربایجان و یەکێتی سۆڤێتی پێشوو، لە ڕێگەی تەنیا بڕیارێکەوە کارێکی کرد شاژنی بەریتانیا فیکەیەکی زێڕینی پێبەخشی و کاتێکیش دوای مۆندیالی 1966 گەڕایەوە وڵاتەکەی، هەمووان لە پێشوازیدا بوون و ڕێزی تایبەتیان لێگرت. ئیدی لەوکاتەوە ئەو بووە سیمبولێکی نیشتمانی.

ساڵی 1966 بۆ یاری کۆتایی مۆندیالی ئەو ساڵە کە لەنێوان هەردوو هەڵبژاردەی ئینگلتەرا و ئەڵمانیا و لەسەر خاکی ئینگلتەرا بەڕێوەچوو، لەبەردەم ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆری هاندەرانی هەردوو هەڵبژاردەدا، ئینگلیزەکان توانییان بەبڕیارێکی مشتومڕهێن، ئەوە یەکلابکەنەوە کێ نازناوەکە لە ئامێز دەگرێت، ئینگلتەرا یان ئەڵمانیا.

یارییەکە لە کەشوهەوا و ڕکابەرییەکی بەهێزدا بەڕێوەچوو، کاتی یاسایی یارییەکە بە یەکسانبوونی هەردوو هەڵبژاردە بە 2 گۆڵ کۆتاییهاتبوو، هەردوو هەڵبژاردە لە کاتی زیادکراودا، سەرقاڵی هێرش بوون و لە خولەکی 101ی یارییەکدا، جیفری هێستی هێرشبەری ئینگلیزی لێدانێکی بەهێزی ئاراستەی گۆڵی ئەڵمانیا کردو کاتێک تۆپ بەر شیشی سەرەوەی گۆڵ کەوت و گەڕایەوە بۆ سەر زەوی، لە پشتی گۆڵپارێزی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا و لە نزیک هێڵی گۆڵ بەر زەوی کەوت، ئەوکات یاریزانانی ئینگلتەرا هاواری گۆڵیان کرد و ئەڵمانەکان گوتیان گۆڵ نەبوو، لەنێوان گۆڵ بوون و نەبووندا، ناوبژیوانی یارییەکە پەنای بۆ لایمەنی لای ڕاستی یاریگە برد کە (تۆفیق باهرامۆڤ)ی ئازەری بوو، تا بڕیارە دروستەکە بدات و گۆڵ بوون یان نەبوون یەکلا بکاتەوە.

ئەو لایمەنە بڕیاریدا گۆڵ بووە. ئەو گۆڵە ورەی ئینگلیزەکانی بەتەواوی بەرزکردەوەو توانییان گۆڵی چوارەمیش تۆمار بکەن و نازناوەکەش بەدەستبێنن.

تۆفیق و هاوڕێکانی لەلایەن شاژنە ئەلیزابێسەوە هەریەکەیان فیکەیەکی زێڕینی پێبەخشراو ئەو فیکەیە ئێستا لای باهرام باهرامۆڤی کوڕی تۆفیق باهرامۆڤە، ئەو لە بانکێکی باکۆی پایتەختدا پاراستویەتی.

بڕیارەکەی باهرامۆڤ مشتومڕی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا، ساڵانێکی زۆر ئەو جەدەلە لەنێوان هەردوولادا بەردەوام بوو کە گۆڵ بووە یان نا؟، زۆری ویست تا تەکنەلۆجیا پێشبکەوێت و یەکلای بکاتەوە کە تۆپەکە ئاودیوی هێڵی گۆڵ نەبووە، بەڵام ئەوە کاتێک یەکلابووەوە کە ئیدی هەموو شت یەکلابووبووەوە.

من لە ئازەربایجان کاتێک بە دوای وردەکاری و ژیانی باهرامۆڤدا دەگەڕێم، زۆر شتم بەرچاو دەکەوێت کە ئازەرییەکان وەک ڕێزلێنان بۆ ئەو کەسایەتییەیان کردووە، یاریگەی یانەی قەرەباخ کە ئەمساڵ بۆ یەکەمجار لە مێژووی خۆیدا بەشداری قۆناخی کۆمەڵەکانی چامپیۆنزلیگی کردووە، بە ناوی ئەو ناوبژیوانەوە کراوە، لەبەردەمی یاریگەکەشدا پەیکەرێکی ئەو کەسایەتییە دروستکراوە کە هێشتا بە جلوبەرگەکانی ناوبژیوانییەوە دەستەکانی بە ئاسماندا ڕاگرتووەو هەموو هاندەرە وەرزشییەکان بەژێریدا گوزەر دەکەن.

باهرامی کوڕ، ئەوە بۆ من دەگێڕێتەوە کە ئازەرییەکان بە حکومەت و خەڵکەوە ڕێزی زۆریان لە باوکی ناوە، حکومەتی ئەو وڵاتە و فیدراسیۆنی تۆپی پێی ئازەربایجان هێشتا نەیانتوانیوە باهرامۆڤی کوڕ ڕازی بکەن فیکە زێڕینەکەی باوکی بداتە دەست ئەوان تا لە مۆزەخانەیەکدا نمایشی بکەن.

ئەو نەک فیکەکە، بەڵکو هەموو ئەرشیڤەکەی باوکی، بەو جلانەشەوە کە لە یاری کۆتایی مۆندیالی 1966دا لەبەری کردبوو، لای خۆی پاراستووە و دەڵێت «باوکم بە منی سپاردو منیش بە کوڕەکەمی دەسپێرم، دەبێ ئەو ئەرشیڤە لای ماڵباتەکەمان بمێنێتەوە».

ئەرشیڤەکە هەزاران وێنەی ساتە جیاوازەکانی باهرامۆڤی تێدایە، دەیان فیلمی دیکۆمێنتاری لەسەر ژیانی ئەو و سەدان میدالیاو جامیش لەخۆ دەگرێت.

لەگەڵ باهرامۆڤی کوڕدا دەچینەوە سەر مەزاری باوکی، مەزارەکە دەکەوێتە گۆڕستانێکی گەورەی باکۆی پایتەختەوە، لە ڕیزی کەسایەتییە دیارەکانی وڵاتدا ئەویش نێژراوە. ئەو لە ئۆکتۆبەری 1993دا کۆچی دواییکردووە، وەک باهرامۆڤی کوڕ بۆم دەگێڕێتەوە، باوکی ماوەیەک بەر لە کۆچی دوایی تەندروستی تێکچووەو ڕەوانەی نەخۆشخانە کراوەو لەوێ لەژێر چاودێریی پزیشکدا بوو تا ڕۆژێک لە نەخۆشخانەوە تەلەفۆنیان بۆ کردین و گوتیان ئەو مردووە «ئەوە هەواڵێکی زۆر ناخۆش بوو، بەڕاستی خەمێکی گەورەی داینێ، چیدی نامەوێ باسی ئەو ڕۆژە بکەم».

لە باهرامۆڤی کوڕ دەپرسم: باوکت ڕای لەسەر ئەو مشتومڕە چیبوو کە لەسەر بڕیارەکەی ئەو لە یاری کۆتایی مۆندیالی 1966دا دروستبوو؟ ئەو دەڵێت «ئەو هەمووجار دووپاتیدەکردەوە کە بڕیاری دروستی داوە، ئەو دەیگوت من بەچاوی خۆم تۆپەکەم بینی ئاودیوی هێڵی گۆڵ بوو، گوتم گۆڵ چونکە من ئەوەم بە چاوی خۆم بینی».

گەرچی باهرامۆڤ ناوبانگێکی مەزنی بەهۆی ئەو ڕووداوەوە بەدەستهێنابوو، بەڵام ئەوە نەبووە هۆکار بۆ ئەوەی واز لە خاکیبوون و بیرکردنەوەی سادەی خۆی بهێنێت، ئایدن ئابدیێڤی هاوڕێی باهرامۆڤ دەڵێت «کە لە ئینگلتەرا گەڕایەوە وەک سیمبولێکی مەزن پێشوازی لێکرا، هەزاران هاونیشتمان بە خۆشی و گوڵەوە بەخێرهاتنەوەیان کرد، بەڵام ئەوە هیچی لە کەسایەتی ئەودا نەگۆڕی، هەندێجار بۆ دڵخۆشکردنی منداڵان، دەبووە ناوبژیوانی نێوان دوو تیم کە لەسەر شەقامەکان یارییان دەکرد. ئێمەی بانگهێشتی ماڵەکەی دەکرد و بەدەستی خۆی کەبابی نایابی بۆ دروستدەکردین». باهرامۆڤی کوڕ کە زۆر شانازی بە ناوبانگی باوکییەوە دەکات، جێپەنجەی خۆی لەسەر ئەو ڕووداوە بەجێهێشتووە کە لە 1966دا ڕوویدا، ئەو لە ساڵیادی پەنجاوپەکەمینی دامەزراندنی فیدراسیۆنی تۆپی پێی ئازەربایجاندا، جێفری هێستی هێرشبەری ئینگلیزی و هانس کلنۆڤسکی گۆڵپارێزی ئەڵمانی لە ئاهەنگی ساڵیادەکەدا ئاشتکردەوەو پێکەوە وێنەیەکی یادگارییان گرت.

ئەو دەڵێت «ئەو مەراسیمە بەسەرپەرشتی یۆفا و فیفا بوو، هەردوو یاریزانەکەم بانگکرد و لەوێ لەسەر ستەیج پێمگوتن: ئەوەی ڕوویدا گۆڵ بوو، ناتوانین دەستکاری مێژوو بکەین، تکایە پێکەوەرنەوە تا منیش هەستێکی خۆشم هەبێت».





ناوبژیوانی سەرەکی و باهرامۆڤی یاریدەدەری لە کاتی دەستپێکردنی یاری کۆتایی مۆندیالی 1966



> «باهرامۆڤی کوڕ جێفری هێستی تۆمارکەری گۆڵەکە و هانس کلنۆڤسکی گۆڵپارێزی ئەڵمانی ئاشتکردووەتەوە»



## بریکارە بەناوبانگەکە داڕێژەریەتی..

# خامیس بە پلانێکی جەهەننەمی دەچێتە بارسا

**ڕووداوی وەرزشی - DW**

سەرچاوەیەکی نزیک لە خۆرخی مێندێز، بریکاری خامیس ڕۆدریگزی ئەستێرەی کۆلۆمبی یانەی بایرن میونشنی ئەڵمانی، ئاشکرایکرد پلانێک هەیە بۆ بردنی خامیس بۆ ریزەکانی یانەی بارسێلۆنای ڕکابەری هەمیشەیی یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی.

### پلانێکی جەهەننەمی

بەپێی ئەو سەرچاوەیە خۆرخی مێندێز، بریکاری خامیس ڕۆدریگز، پلانێکی جەهەننەمی بەدەستەوەیە بۆ گواستنەوەی ئەو یاریزانە بۆ ریزەکانی بارسێلۆنای ئیسپانی لە ماوەی داهاتوو، چونکە پێیوایە ئەو یانەیە گونجاوترین شوێنە بۆ خامیس.

خامیس لەوەتەی ڕاهێنەری ئیتاڵی کارلۆ ئەنچیلۆتی، ڕۆیشتووە لە بایرن میونشن ئاسوودە نییە، هەروەها بە مانەوەی زەینەدین زیدانیش لە ئەرکی ڕاهێنەرایەتی ڕیال مەدرید هیچ دەرفەتێک بۆ گەڕانەوەی خامیس بۆ ریزەکانی ڕیال مەدرید نییە، بۆیە دوور نییە لە بارسا بگیرسێتەوە.

ئەو سەرچاوەیە ئاماژەیەکی کەم بۆ پلانە جەهەننەمییەکەی خۆرخی مێندێز دەکات و دەڵێت «مێندێز هەوڵ دەدات کارگێڕی بایرن میونشن بەوە ڕازی بکات، کە بە بڕی تەنیا 60 ملیۆن یۆرۆ گرێبەستی خامیس لە ڕیال مەدریدەوە بکڕێ، پاشان بەبڕی 100 ملیۆن یۆرۆ بیفرۆشێتەوە بارسێلۆنا».

### پلانەکە لەبەر مێسی سەرکەوتوو دەبێت

ئەو سەرچاوەیە دەشڵێت «مێندێز پێیوایە بارسێلۆنا گونجاوترین تیپە بۆ خامیس و دڵنیایە لەوەی کە ئەستێرە کۆلۆمبییەکە لەگەڵ یانە کەتالۆنییەکە دەدرەوشێتەوە، ئەگەر بچێتە ریزەکانی ئەو تیپە، بەتایبەتیش کە خامیس پەیوەندییەکی دۆستانەی باشی لەگەڵ لیۆنێل مێسی ئەستێرەی یەکەمی بارسا هەیە». کە هەندێ لە چاودێران پێیانوایە مێسی هەمیشە کاریگەری خۆی بەسەر بڕیارەکانی بارسێلۆنا لەبارەی کڕین و فرۆشتنی یاریزانانەوە هەیە.

پێشتریش هەندێ لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن باسیان لەوە کردووە کە ئەوکاتەی خامیس بۆ ڕیال مەدرید یاری دەکرد و پەیوەندییەکانی لەگەڵ زەینەدین زیدانی ڕاهێنەر تێکچووە، مێسی لە یارییەکی نێوان هەردوو هەڵبژاردەی ئەرجەنتین و کۆلۆمبیادا بە خامیسی گوتبوو «وەرە بارسێلۆنا».

خامیس ڕۆدریگز، بەشێوەی خواستن بۆ ماوەی 2 ساڵ، لە ڕیال مەدریدەوە یاری بۆ بایرن میونشن دەکات و دواتر یانەی باڤاری مافی کڕینەوەی یەکجاری خامیسی دەبێت، ئەگەریش نەیویست ئەستێرەی کۆلۆمبی دەگەڕێتەوە ریزەکانی یانەی شاهانەی مەدریدی.

### دەیەوێ تۆڵەی خۆی بکاتەوە

هەندێک لە سەرچاوە ڕۆژنامەڤانییەکان، باس لەوە دەکەن کە هۆکارێکی دیکەش وا لە خامیس ڕۆدریگز دەکات، هەر دەستەوارەیەکی لە بارسێلۆناوە بۆ بێت ڕەتی نەکاتەوەو ڕازی بێت بچێتە یانەی کەتالۆنی. ئەو سەرچاوانە دەڵێن «ڕۆدریگز زۆر تووڕەیە لە کارگێڕی ڕیال مەدرید و یاریزانە هاوڕێکانیشی، چونکە پێیوایە ئەوکاتەی زەینەدین زیدان ویستوویەتی لە ڕیال مەدرید وەدەریبنێت، کەس نەبووە بەرگری لێبکات، بۆیە دەیەوێ بە چوونە بارسێلۆنا تۆڵەیان لێبکاتەوە».

> «مێندێز دەیەوێ خامیس بە هەرزانی بۆ بایرن بکڕێت و بە گرانی بداتە بارسا»

> «خامیس لەبەرئەوەی هاوڕێی مێسییە لەگەڵ بارسێلۆنا دەگونجێت»

ژمارە ( 473 )
سێشەممە 2017/11/14



**تووڕەیان دەکات**

گوتیی یاریزانی پێشووی یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی، وەک هەموو جارێ، هاندەرانی یانەی بارسیلۆنای تووڕە کرد و لە لێدوانێکدا هێرشی کردەوە سەر یانە کەتالۆنییەکەو ڕایگەیاند بارسیلۆنا زۆر لەدواوەی ڕیال مەدریدە. ئەو کاپتنەی پێشووی ڕیال مەدرید گوتی «بارسیلۆنا یانەیەکی گەورەیە، بەڵام کاتێک قسە دێتە سەر ناوبانگ و گەورەیی، بێگومان چەندین هەنگاو لەدواوەی ڕیال مەدرید دێت».

## نوێترین هەڤپەیڤینی لویس سوارێز، هێرشبەری یانەی بارسیلۆنا:

# بارسا پێویستی بە گۆڵەکانی من نییە



> «ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان بوومە ڕاهێنەر داوام لێمەکەن هێمن بم»

**ئا: ڕەمزی میرەکانی**

لویس سوارێز، هێرشبەری یانەی بارسیلۆنای ئیسپانی، هەڤپەیڤینێکی لەگەڵ ڕۆژنامەی سپۆرتی کەتالۆنی ئەنجامدا، کە تێیدا باسی زۆر شتی کرد، دیارترین ڕەوشی خۆی و پەیوەندی لەگەڵ ڕاهێنەر ئێرنیستۆ ڤالڤێردی و هاوتیپەکانی، هەروەها قسەکردن لەسەر ئایندەی خۆی بوو.

سوارێز گوتی «ئێستا هەوڵی ئەوە دەدەم پشوو بدەم و باشتر چاک ببمەوە، ئەو پشووە لە کاتێکی نایاب بوو، دوای ئەو پێکانەی تووشی بووم، فشارێکی زۆرم دەخستە سەر ئەژنۆم، ئەوەش زیانی درێژخایەنی هەیە». سوارێز لە بارەی بوونی کیسێک لە ئەژنۆی قاچی ڕاستی، کە ئازاری زۆری هەیە، گوتی «ئێستا هەست بە هیچ ئازارێک لە ئەژنۆم ناکەم، تەنیا ئاگام لە خۆمە، بەردەوام لەوە دەترسی تووشی زەبرێک لە ئەژنۆت بێت، یان دەترسی خراپتر بێت، بەڵام دوای ئەو وەستانە لەگەڵ چارەسەرییەکان، هیچ ئازارێک نامێنێ».

سوارێز سەبارەت بە پاشەکشەکردنی ڕێژەی گۆڵەکانی و شکستهێنانی لە هەژاندنی تۆڕ بۆ ماوەی 451 خولەک گوتی «من لە هەموو کەسێک زیاتر ڕەخنە لەخۆم دەگرم، هەندێ یاری هەبوو، هەستم دەکرد یارمەتی تیپەکەم داوەو دڵخۆش بووم، گۆڵکردن بەلامەوە گرنگ نییە، بەڵام لە هەندێ یاری دیکەدا، خراپ بووم و هەموو شتێکم کرد بۆ ئەوەی گۆڵ تۆمار بکەم، بەڵام نەمتوانی. ماوەی پاشەکشەکردن نییە، بەڵکو هەندێ کات هەموو توانات دەخەیتە گەڕ، بەڵام تۆپ نایەوێ بچێتە ناو گۆڵەوە، هەندێجار بەخراپترین شێوە لە تۆپەکە دەدەی، کەچی دەچێتە نێو تۆڕەوە، دوایین ئەو تۆپانە لەگەڵ ئۆرۆگوای بوو، بە هێواشی لێمدا کەچی گۆڵ بوو، دەزانم لەسەرمە گۆڵ تۆمار بکەم، چونکە ئەوە کاری منە، بەڵام دەشزانم تیپەکەمان بە ماوەیەکی باش تێدەپەڕێ و لەوانەیە پێویستی بە گۆڵەکانی من نەبێ، هەست بە نیگەرانی ناکەم، وا دەبم ئەگەر بمبینی تۆپ بگرم و هەوڵ بدەم یاری بە 5 یاریزانی تیپی بەرامبەر بکەم، تاوەکو گۆڵ تۆمار بکەم». سوارێز لەبارەی ئەگەری کاریگەری گۆڕینی پلانەکانی تیپەکەی، کە ڕاهێنەر ڤالڤێردی دایان دەنێ بەسەریدا گوتی «بەدڵنیاییەوە بە ڕۆیشتنی یاریزانێک بە قەبارەی نەیمار کاریگەر بووین، بەڵام ڕاهێنەر پێی نەگوتووم لە باڵی چەپ یاری بکەم، من بەخۆم وا دەکەم، کە دەبینم رووبەر هەیە».



لەبارەی بایەخدانی زیاتری یاریزانانی بارسیلۆنا، بە دانی تۆپ بە مێسی، کە ئەوەش دەرفەتی گۆڵ تۆمارکردنی زیاتر دەکەن، گوتی «زۆرجار هەوڵدەدەم یارمەتی هاوتیپەکانم بدەم، گۆڵ تۆمار بکەن، بەرامبەر سیڤییا لەگەڵ پاکۆ ئەلکاسێر ئەوەم کرد، بەردەوام هەوڵ دەدەین یارمەتی هاوتیپەکانمان بدەین، لیۆ مێسی دەتوانێ لە هیچەوە دەرفەت دروست بکات، بەڵام هەندێجار لە خۆم تووڕە دەبم، کە بەباشی پاس بۆ هاوتیپێکی دیکە نانێرم، کە لە شوێنێکی باشتر وەستاوە».

سوارێز لەبارەی ئایندەی خۆی لەنێو یاریگەکانەوە، گوتی «ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان بوومە ڕاهێنەر، داوام لێمەکەن هێمن بم، چونکە لەسەر یاریگە بەو شێوەیە نیم». سوارێز لەبارەی نەیمار و ڕۆیشتنی بۆ پاریس سانجێرمان، گوتی «لە دەرەوە و ناوەوەی یاریگە بیری دەکەین، نەیمار بۆ ئێمە یاریزانێکی گرنگ بوو، بەڵام ئێستا لە تیپێکی دیکەیە، من هیچ قینەیەکم بەرامبەری نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە، بەردەوام هەوڵم دەدا بمێنێتەوە، چونکە پێموابوو ئێرە بۆ ئەو باشتر بوو، بەڵام ئەوە بڕیاری خۆی بوو».

لەبارەی ئەوەی ئایا نەیمار لەدوایین سەردانی بۆ لای تیپەکە، پەشیمانی لە ڕۆیشتن دەربڕیوە، سوارێز گوتی «نەیمار یاریزانێکی پێگەیشتووەو دەزانێ ئەگەر لە شتێک هەست بە پەشیمانی بکات، دەهات و وای دەگوت، نەوەکو بچێتە لای خەڵکی و بە ئەوان بڵێت». سوارێز لەبارەی پاشەکشەکردنی ڕێژەی گۆڵەکانی، کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ، ئەستێرەی ڕیال مەدرید و تۆمارکردنی یەک گۆڵ لە لیگا تاوەکو ئێستا، گوتی «ئەوە شتێکی سەیرە، چونکە زۆربەمان بە هەمان ماوە تێدەپەڕێ، ئەنتوان گریزمانیش بەهەمان ماوە تێدەپەڕێ، هەمووومان بەو قۆناخە تێدەپەڕین، بەڵام دەبێت بەسەریدا زاڵ بین». سوارێز لەبارەی پەیوەندی تایبەتی خۆی بە هەرێمی کەتەلۆنیاشەوە گوتی «کچەکەم ساڵی 2010 لەدیکبووەو کەتالۆنییەو بە زمانی ئەوان قسە دەکات، منیش لە هەموو تێدەگەم، بەڵام ناتوانم قسەی پێ بکەم».

> «نازانم چی بەسەر من و ڕۆناڵدۆ و گریزماندا هاتووە»

> «چیبکەم کە تۆپ نەیەوێ بچێتە ناو گۆڵەوە»




## سەرتاشی تایبەتی پۆگبایە و قژی زۆربەی ئەستێرەکانی پریمەرلیگ دەتاشێ..

# چێلسی سەرتاشە موسڵمانەکە دەردەکات

**ڕووداوی وەرزشی ـ Sport**

کارگێڕی یانەی چێلسی ئینگلیزی بڕیاریداوە، ڕێگە نەدات ئەحمەد ئەلسناوی، ناسراو بە سەرتاشی کەسە بەناوبانگەکان، بچێتە نێو یانەکەوە. ئەو سەرتاشە موسڵمانە قژی زۆربەی یاریزانە بەناوبانگەکانی خولی ئینگلیزی دەتاشێ، بەڵام کارگێڕی چێلسی ڕێگەی پێنادات بچێتە نێو یانەکەوە!.

ئەلسناوی بە قژرێکخەری تایبەتی ئەستێرەی مانچێستەر یونایتد، پۆل پۆگبا دادەنرێ، هەر ئەویش بە شێوەی سەیر قژی دەتاشێ. پۆگبا و شێوازە سەیرەکانی قژی، بە دەستی ئەحمەد ئەلسناوی ئەنجام دەدرا، کە تەمەنی 27 ساڵانە. پۆگبای ئەستێرەی مانچێستەر یونایتد، ڕۆڵی لە ناوبانگی ئەلسناوی هەبوو، چونکە ئامۆژگاری چەندین هاوڕێی لە یانەکانی دیکە کردووە، بچنە لای ئەو سەرتاشی کەسە بەناوبانگەکان.



کارگێڕی چێلسی ڕێگەی چوونە نێو یانەکەی لێ قەدەخە کرد، بەهۆی وێنە سێڵفییەکانی لەگەڵ ئەستێرەکاندا، کە لەوانەیە بە ملیۆنان پارە پێ ژماردن بکەوێتە سەر یانەی چێلسی، وەک قەرەبوو کردنەوە، لەبەرئەوەی سپۆنسەران سکاڵایان لەدژی یانەکە تۆمارکردووە، چونکە تەنیا سپۆنسەرەکان مافی فرۆشتن و بڵاوکردنەوەی وێنەی یاریزانەکانی یانەکەیان هەیە.

هاری کەین، مەعمیلێکی ئەو سەرتاشەیە، کە یانەی چێلسی وێنەگرتن و چوونە نێو یانەکەی لێ فەدەخە کردووە، چونکە بەو وێنە سێڵفیانە ڕەواج بۆ چالاکییە بازرگانییەکانی پەیدا دەکات، ئەوەش دژی بەرژەوەندی ڕوونی سپۆنسەرانی یانەکەیە.

فالکاوی یاریزانی پێشووی چێلسیش، مەعمیلێکی ئەلسناوی بوو، کە چەندین وێنەی سێڵفی خۆی و ئەوی لەگەڵ ئەستێرەکانی لوز بڵاوکردووەتەوە، ئەوەش ڕقی سپۆنسەرانی یانەکەی هەڵساندووە، بۆیە داوایان کردووە ڕێگەی لێ بگیرێ.

فابریگاس، یەکێ لە بەناوبانگترین مەعمیلەکان ئەلسناوییە، وێنەکەشی کە زۆربەی شەیدایانی یانەکە دەستاودەستی پێ دەکەن، بڵاوکراویەکی بڵاوکردەوەو تێیدا باسی لەوە کرد، لەوانەیە ئەو وێنانە ملیۆنەها پارە لەسەر یانەکەی بوەستن، بەهۆی ئەو سکاڵایانەی، کە لەوانەیە بەهۆی هاودژی بەرژەوەندییەکان لەدژی بەرزبکرێنەوە.

کۆستا کە سەردانی ئینگلتەرا دەکات، هەر دەبێ سەردانی ئەلسناوی بکات و قژی لەلای بتاشێ. کارگێڕی بلوز پێیوایە، ئەلسناوی قۆرخی پەیوەندی بە یاریزانەکانەوە دەکات، دریس و واژوویان بە مەعمیلەکانی دەبەخشێتەوە، هەروەها ڕەواج بۆ چالاکییە بازرگانییەکانیشی پەیدا دەکات.

> «سێڵفییەکانی ئەحمەد ملیۆنەها دۆلار زیانیان بە چێلسی گەیاندووە»




## لە ڕووی کارایی هێرشبردنەوە..

# ڕۆناڵدۆ (710)مینی ئەوروپایە

**ڕووداوی وەرزشی ـ Gulf News**

کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ، یاریزانی ڕیال مەدرید تووشی تاسانێکی تازە بوو، کە لەسەر پاشەکشەکردنی ڕێژەی گۆڵەکانی بەشێوەیەکی بەرچاو لەماوەی دوایی بەردەوامە. دۆن چەند ژمارەیەکی نەرێنی لە مێژووی خۆیدا تۆمار کردووە، کە وایکردووە ببێتە خراپترین گۆڵکار لە ڕووی کرداریی و کاریگەریی، لە هەر 5 خولە گەورەکەی ئەوروپادا.

ڕۆناڵدۆ لە پلەی هەشتەم دێ، لە لیستی ئەو یاریزانانەی کە زۆرترین شووتیان بۆ گۆڵ لێداوە، بەڵام لە ڕووی کارایی هێرشبردنەوە لە پلەی 710مین دێ. ڕۆژنامەکە ئاماژە بەوە دەکات، لە لیستی ئەو یاریزانانەی زۆرترین شووتیان بۆ گۆڵ لێداوە، تەنیا 3 یاریزان لە 50 یاریزانی یەکەم هەن، لە هەموو خولەکان، کە تەنیا یەک گۆڵیان تۆمارکردووە، هەروەها تەنیا 10 یاریزان لە لیستەکەدا هەن، کە نەیانتوانیوە هیچ گۆڵێک تۆمار بکەن، هەرچەندە زیاتر لە 10 شووتیان بۆ گۆڵ لێداوە.

دۆن ڕۆناڵدۆ، هیچ وەرزێک لە کۆی 7 یاری یەکەمیدا لە 6 یاری کە بەشداریی تێدا دەکات لە گۆڵ تۆمارکردن دانەبڕاوە، تەنیا لە وەرزی 2015 ـ 2016 نەبێ، کە توانی ئەو نەزۆکی گۆڵ تۆمارکردنە، بە تۆمارکردنی 5 گۆڵ لە گۆڵی ئیسپانیۆل لە گەڕی سێیەمی لالیگا کۆتایی پێبێنێ.

ئەو ژمارە و ئامارانە بە شێوەیەکی بەرچاو لەگەڵ ژمارەکانی لە وەرزی 2014 ـ 2015 جیاوازە، کاتێک لە هەر 11 گەڕی یەکەمدا گۆڵی تۆمارکرد، لە لالیگای ئەو وەرزەدا کە بەشداریی تێداکرد.

ئایا ڕۆناڵدۆ بەمنزیکانە بەخۆ دەکەوێتەوەو دەست بەگۆڵکردن دەکاتەوە؟، یان ئەم وەرزە دەبێتە خراپترین وەرز لە کاروانی خۆی و پەلەی ڕۆیشتنی لە یانەی شاهانە لێدەکات؟.

# خشتەی یارییەکانی هەفتە

ڕووداو وەرزشی
ژمارە (473)
سێشەممە 2017/11/14

## خولی ئیسپانیا (هەفتەی 12)

| | |
|---|---|
| **هەینی 17/11/2017** | |
| خیرۆنا ـ ریال سۆسیداد | 11:00 |
| **شەممە 18/11/2017** | |
| خیتافی ـ ئالاڤێس | 03:00 |
| لێگانێس ـ بارسیلۆنا | 06:15 |
| سێڤییا ـ سێلتاڤیگۆ | 08:30 |
| ئاتلێتیکۆ مەدرید ـ ریال مەدرید | 10:45 |
| **یەکشەممە 19/11/2017** | |
| مالاگا ـ دیپۆرتیڤۆ لاکۆرۆنیا | 02:00 |
| ئیسپانیۆل ـ ڤالێنسیا | 06:15 |
| لاس پالماس ـ لێڤانتی | 08:30 |
| ئاتلێتیک بلباو ـ ڤیاریال | 10:45 |
| **دووشەممە 20/11/2017** | |
| ئیبار ـ ریال بێتیس | 11:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ بارسیلۆنا | 31 |
| 2 ـ ڤالێنسیا | 27 |
| 3 ـ ریال مەدرید | 23 |
| 4 ـ ئاتلێتیکۆ مەدرید | 23 |
| 5 ـ ڤیاریال | 20 |
| 6 ـ سێڤییا | 19 |
| 7 ـ ریال سۆسیداد | 17 |
| 8 ـ ریال بێتیس | 17 |
| 9 ـ لێگانێس | 17 |
| 10 ـ خیرۆنا | 15 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ مێسی | بارسیلۆنا | 12 |
| 2 ـ زازا | ڤلێنسیا | 9 |
| 3 ـ باکامبۆ | ڤیاریال | 8 |
| 4 ـ مۆرینۆ | ڤلێنسیا | 7 |
| 5 ـ سانابریا | ریال بێتیس | 7 |

## خولی ئینگلتەرا (هەفتەی 12)

| | |
|---|---|
| **شەممە 18/11/2017** | |
| ئارسیناڵ ـ تۆتێنهام | 03:30 |
| بۆرنیمۆس ـ هەدێرسفیلد | 06:00 |
| بێرنلی ـ سوانزی سیتی | 06:00 |
| کریستاڵ پالاس ـ ئێڤێرتۆن | 06:00 |
| لیستەر سیتی ـ مانچێستەر سیتی | 06:00 |
| لیڤەرپوول ـ ساوسامپتۆن | 06:00 |
| وێست برۆمیچ ـ چێلسی | 06:00 |
| مانچێستەر یونایتد ـ نیوکاسڵ | 08:30 |
| **یەکشەممە 19/11/2017** | |
| واتفۆرد ـ وێستهام | 07:00 |
| **دووشەممە 20/11/2017** | |
| برایتۆن ـ ستۆک سیتی | 11:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ مانچێستەر سیتی | 31 |
| 2 ـ مانچێستەر یونایتد | 23 |
| 3 ـ تۆتێنهام | 23 |
| 4 ـ چێلسی | 22 |
| 5 ـ لیڤەرپوول | 19 |
| 6 ـ ئارسیناڵ | 19 |
| 7 ـ بێرنلی | 19 |
| 8 ـ برایتۆن | 15 |
| 9 ـ واتفۆرد | 15 |
| 10 ـ هەدێرسفیلد | 15 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ ئەگوێرۆ | مانچێستەرسیتی | 9 |
| 2 ـ کەین | تۆتێنهام | 8 |
| 3 ـ ستێرلینگ | مانچێستەرسیتی | 7 |
| 4 ـ لۆکاکۆ | مانچێستەریونایتد | 7 |
| 5 ـ مۆراتا | چێلسی | 7 |

## خولی ئیتاڵیا (هەفتەی 13)

| | |
|---|---|
| **شەممە 18/11/2017** | |
| رۆما ـ لازیۆ | 08:00 |
| ناپۆلی ـ میلان | 10:45 |
| **یەکشەممە 19/11/2017** | |
| کرۆتۆنی ـ جێنەوا | 02:30 |
| بێنڤێنتۆ ـ ساسۆلۆ | 05:00 |
| سامپدۆریا ـ یوڤێنتوس | 05:00 |
| سپال ـ فیۆرێنتینا | 05:00 |
| تۆرینۆ ـ کییێڤۆ | 05:00 |
| ئۆدینێزی ـ کالیاری | 05:00 |
| ئینتەرمیلان ـ ئاتالانتا | 10:45 |
| **دووشەممە 20/11/2017** | |
| ڤێرۆنا ـ بۆلۆنیا | 10:45 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ ناپۆلی | 32 |
| 2 ـ یوڤێنتوس | 31 |
| 3 ـ ئینتەرمیلان | 30 |
| 4 ـ لازیۆ | 28 |
| 5 ـ رۆما | 27 |
| 6 ـ سامپادۆریا | 23 |
| 7 ـ میلان | 19 |
| 8 ـ تۆرینۆ | 17 |
| 9 ـ فیۆرێنتینا | 16 |
| 10 ـ ئاتالانتا | 16 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ ئیمۆبیلی | لازیۆ | 14 |
| 2 ـ دیبالا | یوڤێنتوس | 11 |
| 3 ـ ئیکاردی | ئینتەرمیلان | 11 |
| 4 ـ مێرتینز | ناپۆلی | 10 |
| 5 ـ دزیکۆ | رۆما | 7 |

## خولی فەرەنسا (هەفتەی 13)

| | |
|---|---|
| **هەینی 17/11/2017** | |
| لیل ـ سانت ئیتیان | 09:00 |
| ئامیان ـ مۆناکۆ | 10:45 |
| **شەممە 18/11/2017** | |
| پاریس سانجێرمان ـ نانت | 07:00 |
| گوینگامپ ـ ئانژی | 10:00 |
| ستراسبۆرگ ـ رێن | 10:00 |
| تولوز ـ میتز | 10:00 |
| دیژۆن ـ تروا | 10:00 |
| **یەکشەممە 19/11/2017** | |
| کان ـ نیس | 05:00 |
| لیۆن ـ مۆنپیلیێ | 07:00 |
| بۆردۆ ـ مارسیلیا | 11:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ پاریس سانجێرمان | 32 |
| 2 ـ مۆناکۆ | 28 |
| 3 ـ لیۆن | 25 |
| 4 ـ مارسیلیا | 24 |
| 5 ـ نانت | 23 |
| 6 ـ سانت ئیتیان | 18 |
| 7 ـ کان | 18 |
| 8 ـ مۆنپیلیێ | 16 |
| 9 ـ بۆردۆ | 16 |
| 10 ـ رین | 15 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ کاڤانی | پاریس سانجێرمان | 13 |
| 2 ـ فالکاو | مۆناکۆ | 13 |
| 3 ـ فەقیر | لیۆن | 11 |
| 4 ـ دیاز | لیۆن | 9 |
| 5 ـ نەیمار | پاریس سانجێرمان | 7 |

## خولی ئەڵمانیا (هەفتەی 12)

| | |
|---|---|
| **هەینی 17/11/2017** | |
| شتوتگارت ـ بۆرووسیا دۆرتموند | 10:30 |
| **شەممە 18/11/2017** | |
| بایرلیڤەرکۆزن ـ لایپزیگ | 05:30 |
| بایرن میونشن ـ ئۆگسبۆرگ | 05:30 |
| هۆفێنهایم ـ فرانکفۆرت | 05:30 |
|ماینز ـ کۆڵن | 05:30 |
| ڤۆلفسبۆرگ ـ فرایبۆرگ | 05:30 |
| هێرتا بەرلین ـ میونشنگلادباخ | 08:30 |
| **یەکشەممە 19/11/2017** | |
| شالکێ ـ هامبۆرگ | 05:30 |
| ڤێردێربریمن ـ هانۆڤەر | 08:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ بایرن میونشن | 26 |
| 2 ـ لایپزیگ | 22 |
| 3 ـ بۆرووسیا دۆرتموند | 20 |
| 4 ـ شالکێ | 20 |
| 5 ـ هۆفێنهایم | 19 |
| 6 ـ هانۆڤەر | 18 |
| 7 ـ فرانکفۆرت | 18 |
| 8 ـ میونشنگلادباخ | 18 |
| 9 ـ بایرلیڤەرکۆزن | 16 |
| 10 ـ ئۆگسبۆرگ | 16 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ لیڤاندۆڤسکی | بایرن میونشن | 11 |
| 2 ـ ئۆبامیانگ | بۆرووسیا دۆرتموند | 10 |
| 3 ـ وێرنەر | لایپزیگ | 6 |
| 4 ـ ڤۆلاند | بایرلیڤەرکۆزن | 6 |
| 5 ـ هارنیک | هانۆڤەر | 5 |

## یاری دۆستانە

| | |
|---|---|
| **سێشەممە 2017/11/14** | |
| کۆریای باشوور ـ سربیا | 02:00 |
| چین ـ کۆلۆمبیا | 02:35 |
| ئیمارات ـ ئۆزباگستان | 04:00 |
| گابۆن ـ بۆتسوانا | 05:00 |
| قەتەر ـ ئایسلاندا | 07:30 |
| ئەرجەنتین ـ نایجیریا | 07:30 |
| سلۆڤاکیا ـ نەرویج | 08:00 |
| رووسیا ـ ئیسپانیا | 09:45 |
| رۆمانیا ـ هۆڵەندا | 10:00 |
| هەنگاریا ـ کۆستاریکا | 10:15 |
| جەزائیر ـ ئەفریقای ناوەڕاست | 10:30 |
| نەمسا ـ ئۆرۆگوای | 10:45 |
| ئەڵمانیا ـ فەرەنسا | 10:45 |
| بەلجیکا ـ ژاپۆن | 10:45 |
| وێڵز ـ پەنەما | 10:45 |
| ئینگلتەرا ـ بەرازیل | 11:00 |
| پورتوگال ـ ئەمریکا | 11:45 |

## یارییە گرنگەکان

| کات | یاری | خول | بەروار |
|---|---|---|---|
| 07:30 | ئەرجەنتین ـ نایجیریا | دۆستانە | سێشەممە 14/11/2017 |
| 09:45 | رووسیا ـ ئیسپانیا | دۆستانە | سێشەممە 14/11/2017 |
| 10:45 | ئێرلەندا ـ دانیمارک | پاشکۆی پاڵاوتن | سێشەممە 14/11/2017 |
| 10:45 | ئەڵمانیا ـ فەرەنسا | دۆستانە | سێشەممە 14/11/2017 |
| 11:00 | ئینگلتەرا ـ بەرازیل | دۆستانە | سێشەممە 14/11/2017 |
| 03:30 | ئارسیناڵ ـ تۆتێنهام | خولی ئینگلتەرا | شەممە 18/11/2017 |
| 10:45 | ناپۆلی ـ میلان | خولی ئیتاڵیا | شەممە 18/11/2017 |
| 10:45 | ئاتلێتیکۆ مەدرید ـ ریال مەدرید | خولی ئیسپانیا | شەممە 18/11/2017 |



## دڵخۆشن

تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر بە فەرمی، زیادکردنی ژمارەی پیتەکانی لە یەک تویت ڕاگەیاند، ئەوەش بە دڵی ژمارەیەکی زۆری یانەکانی تۆپی پێیە. وەک بارسێلۆنا، مانچێستەر سیتی، مانچێستەر یونایتد و میلان، بەڵام بۆرووسیا مونشنگلادباخی ئەڵمانی زۆرترین سوودی لێوەردەگرێت، کە بەشێوەیەکی گاڵتەئامێزانە تویتێکی کردبوو، نووسیبووی «سوپاسی تویتەر دەکەین، چونکە لەمەودوا دەتوانین ناوی درێژی یانەکەمان بەتەواوی بنووسین».



ڕێبوار محەممەد

# فەلسەفە نوێیەکەی فەیلەسووف

کە دەڵێم فەیلەسووف مەبەستم پیپ گواردیۆلای ڕاهێنەری مانچێستەر سیتی ئینگلیزییە، کە دەشڵێم فەلسەفە، بێگومان باس لە شێوازی یاریکردنی ئەو تیپە دەکەم کە ئێستا لە ژێردەستی ئەو ڕاهێنەرەدایە.

پیپ لەوە ناسراوترە بیناسێنین، خاوەنی فەلسەفەیەکی ڕوونە لە تۆپی پێدا کە زۆرترین کۆنترۆڵی تۆپە، ئەو فەلسەفەکەی خۆی بە ئیلهام وەرگرتن لە یۆهان کرۆیفەوە دارشتووە و هێشتا یەکلانەبووەتەوە کامیان دایکی ڕاستەقینەی تیکی تاکان.

پیپ لە هەر کوێیەک بێت، ئەوەی زۆر بەلایەوە گرنگە، دوو خاڵی سەرەکییە، یەکەمیان هێرشبردن و بەدوایدا هێرشبردن، دووەمیان کۆنترۆڵی تۆپ و بەدوایدا کۆنترۆڵی تۆپ. فەیلەسووف لە بارسێلۆنا، بایرن میونشن و مانچێستەر سیتیش بەهەمان بڕواوە کاری کردووە. ئەو پێی وایە زۆرترین ماوەی کۆنترۆڵی تۆپ، باڵادەستبوونی یاریزانەکانی بەسەر یاریگەدا بەدەستدەهێنێت و ئەوەش ڕێگەی بردنەوەیان بۆ ئاسان دەکات.

پیپ لە مانچێستەر سیتی و لە وەرزی ئەمساڵدا سەرکەوتنی مەزنی بەدەستهێناوە، تاقیکردنەوەی گەورەی بڕیوە و توانیویەتی بە جیاوازییەکی ئارامبەخش پێش ڕکابەرەکانی بکەوێت، بۆ پیپ ئەمە شتێکی نامۆ و نوێ نییە، ئەو هەردەم بەدوای بردنەوەدا دەگەڕێت و بۆ ئەوەش پێویستی بە هێرشبردنی بەردەوام هەیە.

جیاوازی فەلسەفەی پیپ لە مان سیتی لەگەڵ فەلسەفەی هەمان ڕاهێنەر لەگەڵ دوو یانەکەی پێشوویدا دوو خاڵی سەرەکین بەبڕوای من، پێموایە ئەوە بنەمای کاری ئێستای ئەون و هەوڵدەدەم ڕوونیان بکەمەوە.

لەوە گەڕێ ئەو عاشقی کۆنترۆڵی تۆپە، ئیبراهیم ئەفیلای دوای یەکەم یەکەی مەشقی لەگەڵ بارسادا لێیان پرسی چی نوێت بینی ئەمڕۆ؟ ئەو گوتی: سەیر بوو، ڕاهێنەر پێی گوتم، بەر لەوەی تۆپەکە وەربگریت، دەبێ بزانی پاس بە کێ دەدەی! ئەمە فەلسەفەیەکی ڕوونە و هەردەم هێڵی سەرەکی کارکردنی گواردیۆلا بووە و تا ئێستا بەردەوامە لەسەری.

ئەوەی لە پیپ و فەلسەفەکەیدا گۆڕاوە لە مانچێستەر سیتی، یەک: بریتییە لە گەڕان بە دوای بردنەوەدا نەک یاری جوان، لە بیرمانە لە لە بارسا و لە بایرنیش ئەو ڕاهێنەرە دووچاری کۆمەڵێک شکست هات لەبەرئەوەی ئامادەنەبوو دەستبەرداری یاری جوان بێت، ئەو گەر سوور بیزانیایە دەدۆڕێ یان دەرەقەتی تیپی بەرامبەر نایەت و پێویستی بە پارێزگاری لە ئەنجام هەیە، هەر سوور بوو لەسەر هێرشبردن و ئەوەش وایکردبوو لەناکاو بدۆڕێت، بەڵام ئێستا وا ناکات، واقیعییانە یاریدەکات و بە دوای بردنەوەدا دەگەڕێت گەرچی یاری جوانیش لە دەست بدات. کاتێک تەماشای یارییەکانی ئێستای ستی دەکەیت ئەو ڕاستییەت بۆ دەردەکەوێت، بەرجەستەترین نموونە بەبڕوای من بەرامبەر چێڵسی بوو، سیتی یارییەکی جوانی نەکرد، بەڵام بە تاکە گۆڵێک بردییەوە.

خاڵی دووەم: ئاوڕدانەوەیە لە بەرگری، دەزانن هۆکاری کێشەی نێوان گواردیۆلا و هارتی گۆڵپارێز لە وەرزی ڕابردوودا، ئەوەبوو کە پیپ دەیویست ئەویش بەشێک بێت لە بونیادنانی هێرش لە پشتەوە بەهۆی هاتنە دەرەوەی لە هێڵی سزا، لە بایرن زۆر کاری لەسەر نۆیەر دەکرد بۆ ئەوە و کردبوویە ئەو یاریزانەی پێی دەگوترێ شێف، واتە یەکەم داڕێژەری هێرشەکان، بەڵام ئێستا وازی لەوە هێناوە و ئەوەی بەلایەوە گرنگە، وەک جاران بردنەوە نییە بەهۆی توانای هێرشبەرەکانییەوە، بەڵکو بردنەوەیە بەهۆی واقیعیەتی تیپەکەیەوە، لە مان سیتیدا تەنیا ئاگوێرۆ بۆ بەرگری ناگەڕێتەوە، کەچی لە بارسا و بایرن وانەبوو.

پیپ ئێستا ئەوەندەی بە دوای بردنەوەدا دەگەڕێ، بەدوای شتێکی دیکەدا ناگەڕێ. لە دوای یەکێک لە یارییەکانی بایرن میونشن لە چامپیۆنزلیگ، کە ئەوکات گواردیۆلا ڕاهێنەر بوو و تیپەکەی دەرکرا، کارل هاینز ڕۆمەنیگە گوتی: سەیر بوو، هەموو یاریزانەکان هیرشیان دەبرد و تا ناو هێڵی سزای تیپی بەرامبەر دەچوون، بەڵام کەسێک ئازایەتی ئەوەی نەبوو تۆپەکە بۆ گۆڵ لێبدات. بێگومان ئەوە بەهۆی ناراستەوخۆیی بایرنی ئەوکات و عەشقی پیپ بۆ کۆنترۆڵی تۆپ دەگەڕایەوە. پیپ ئێستاش هەر عاشقی کۆنترۆڵە، بەڵام بەرامبەر گۆڵ ڕاستەوخۆترە و وەک جاران لە بەرگری بێباک نییە، خۆ لە خۆڕانییە ئەوە دووساڵە زۆرترین پارە بە بەرگریکەر و گۆڵپارێز دەدات.



# کچە ناوبژیوانێک بینەرانی خولی پۆڵەندا زیاد دەکات

**ڕووداوی وەرزشی ـ DW**

کچە ناوبژیوانێکی پۆڵەندی، بەهۆی جوانییەکەی توانیویەتی ڕێژەی ئەوانەی سەیری یارییەکانی خولی تۆپی پێی ئەو وڵاتە بەرز بکاتەوە، دوای ئەوەی هەزارەها کەس لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و، ئەو کەناڵانەی یارییەکان دەگوازنەوە، کە ئەو بەشدارە تێیاندا بوونە سەوداسەری.

کارۆلینا بوگار، هەرچەندە تەمەنیشی بچووکە (20 ساڵانە)، کەچی وەک ناوبژیوانی نێو یاریگە یارییەکانی تۆپی پێی پیاوانی ئەو وڵاتە زۆر بە سەرکەوتوویی بەڕێوە دەبات. ئەو کچە پۆڵەندییە لە زانکۆی کراکۆف یاسا دەخوێنێ. لەسەر ئینستاگرام نزیکەی 50 هەزار سەوداسەری هەیە.

ڕۆژنامەکانی پۆڵەندا کارۆلینا بە «ناوبژیوانە شۆخەکە» وەسف دەکەن.

بە گوێرەی ماڵپەڕی wporstی پۆڵەندی، کارۆلینا بایەخ بە بەشداریکردنی ئافرەتان لە بەڕێوەبردنی یارییەکان دەدات، بۆیە لە تویتەر داوا لە خانمان دەکات، وەک ناوبژیوانی یارییەکانی پیاوان بەشداری بکەن.



# کە خوا پێیدای ناڵێت کوڕی کێی؟

**ڕووداوی وەرزشی ـ Sport**

وتەیەکی کوردی هەیە، دەڵێت «کە خوا پێیدای ناڵێت کوڕی کێی؟»، ئەمە ڕێک بۆ یاریزانێکی دانیمارکی گووتراوە، کە تەنیا دوای چەند مانگێک لە وازهێنان لە یاریکردن پارەیەکی زۆری بردەوە لە ڕێگەی بەریکانێی دانیمارک.

دوای 8 مانگ لە وازهێنانی لە تۆپی پێ، یاریزانی دانیمارکی تۆمی بیکمان، ئەستێرەی پێشووی یانەی بوخۆمی ئەڵمانی، بەریکانێی دانیمارکی بردەوە. بیکمانی تەمەن 35 ساڵان، لەگەڵ خانەوادەکەی لە پشوو دابوو لە ئیسپانیا، کە پێیان ڕاگەیاند 5 ملیۆن کرۆن (670 هەزار یۆرۆ)ی بردووەتەوە. بیکمان ئەستێرەی پێشووی بوخۆم و فرایبۆرگ ئاشکرایکرد، لە کاتی کڕینی کارتی بەریکانێدا، بەردەوام ڕێکەوتی لەدایکبوونی منداڵەکانی بەکاردێنێ، پێشتریش جارێک 50 کرۆنی بردبووەوە.

ئەمەو بیکمان لە مانگی کانوونی دووەمی ڕابردوودا، بەیەکجاری وازی لە یاریکردنی تۆپی پێ هێنا، دوای مانەوە بۆ ماوەی 6 وەرز لە تیپی سوندیریسکی دانیمارکی، لە سەرەتای کاروانی وەرزشیدا، کاپتنی هەڵبژاردەی دانیمارک بۆ خوار تەمەنی 21 ساڵی بوو.



## لەبەرئەوە بڕیاری ڕۆیشتنی داوە..

# 7 ساڵە چێڵسی یەک یاریشی پێنەکردووە

**ڕووداوی وەرزشی ـ CNBC**

لەبەرئەوەی 7 ساڵی تەواوە لە تیپی یەکەمی یانەی چێڵسی ئینگلیزییەو تەنیا یەک یاریشی نەکردووە، گۆڵپارێزێکی ئەو یانەیە بڕیاری داوە ڕیزەکانی یانەی لەندەنی جێبهێڵێت و بچێتە یانەیەک کە یاری پێبکات.

گۆڵپارێزی کرواتی ماتیچ دیلاچ، دووپاتی کردەوە، لە ریزەکانی چێڵسی ئینگلیزی دەڕوات، دوای مانەوە بۆ ماوەی 7 ساڵ لە یانەکە، بێ ئەوەی بتوانێ بەشداریی لە یەک یاریشدا بکات. ئەو گوتی «چیدی بەرگەی چاوەڕوانی ناگرم، کاتێکی زۆرم بە هەدەر چووە، ئیدی کاتی ئەوە هاتووە یاری بکەم، بۆیە دەچمە یانەیەکی دیکە».

لەوەتەی لە ساڵی 2010 لە یانەی ئینتەر زابریسیچی کرواتییەوە پەیوەندی بە چێڵسییەوە کردووە، دیلاچ نەیتوانیوە لەگەڵ تیپی یەکەمی چێڵسی دەرفەت وەرگرێ و یاری بکات، لەبەر بوونی گۆڵپارێزی چیکی پیتەر چیک و پاشان تیبۆ کۆرتوای بەلجیکی.

دیلاچی تەمەن 25 ساڵان بە خواستراویی بۆ چەندین یانە لەگەڵ چێڵسی بەسەربرد، کە ژمارەیان دەگاتە 10 یانە، بەڵام ئێستا دەیەوێ لاپەڕەکی تازە دەستپێبکات و بەدوای یانەیەکی دیکەدا بگەڕێ، کە بتوانێ د ە ر فە تێکی باشتری پێبدات.

## پێشبڕکێ



به کورتترین و جوانترین کۆمێنت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە

کورتە نامەیەک لەگەڵ ناوی خۆت بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:

0750 833 3555



براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو جەماڵ سەعید لە مێرگەسۆر

بە کۆمێنتی: (چۆن بتوانم بە نامە، وەسفیکەم دوو ئەفسانە)



هەموو دووشەممەیەک بخوێنەوە

ڕووداو هەموومان گەنجتر دەکاتەوە

سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
e-mail:ihsan@rudaw.net - 0750 833 34 44
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی
دیزاینەران: هونەر مەرجان ـ ئاکار جەلیل

RÛDAW

(ڕووداوی وەرزشی) ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە
کۆمپانیای ڕووداو هەموو ڕۆژانی سێشەممە دەریدەکات
لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە
www.rudaw.net